# قین و ئەوین



حەمە سەعید حەسەن
(سوێد)



به سیحری له گۆلی ئەوینی ئافرەتا نوقمبوون
له زەریای بەرینی ئەوینی خودادا بزر بووم.
(لاشەی قین بۆگەنە،
دەروونی خۆتانی بۆ مەکەن بە گڵکۆ،
ئەوانەی بیریان لای تۆڵەیە، لاوازن،
بەهێزان شەڕوشۆڕ ناخوازن،
بەزەبری ئەزموونی شەڕخوازان
هۆگری ئاشتی بووم،
پیاو ئەگەر هەمیشە
چاوپۆشی لە هەڵەی بچووکی ژن نەکا
با هەرگیز
بەهیوای باوەشی پڕ چاکەی مەزنی ژن نەبێ،
مریەم چەند «مەسیح»ی خۆش دەویست
«یەهوودا»ش ئەوەندە لای دایکی شیرین بوو،)*
من دوو جار هاتوومە دنیاوە،
یەکەم جار ئامێزی ژنێکم ئاوەدان کردەوە
تا ژیا هەر خۆشی دەویستم،
هەنووکە بەهەشتم باوەشی ژنێکی دیکەیە
تا دەمرم پێوەیە پەیوەستم،
زیندانە ئەو کۆشکەی میوان ڕووی تێ نەکا،
تەلاری خەیاڵم هەمیشە چاوەڕێی ئەندێشەی تازەیە،
نەوڕەسم، هەڵفڕین، ئامانجە لە کنم
بێباکم لە ساچمە و پلاری دوژمنم،
برینە سەرچاوەی هۆنراوەی ڕووگەشم،
برینی ڕۆحی من
لە دووریی نیشتمان خوێنی لێ دەچۆڕێ،
هیچ نەبێ کەرەتێ بە چاوی سۆزەوە
بۆ خەمی تەنیاییم بڕوانە!
پێش ئەوەی بژاکێم، بهێڵە بنۆشم
قومێ لەو شەرابی لێوانە
تەنیا هەر ئەو وەختە
لە خودی خۆم پەستم
بە باڵای زاڵمدا هەڵبلێ هەڵبەستم.

٢٠٠٢/١٢/٣٠

* نووسینەوەیەکی دیکەی هەندێک ڕستەی جوبران خەلیل جوبرانە.